# زیادکردنی باج لە گیرفانی هاووڵاتییان دەردەچێت

شۆڕش ئەمین

هەر وڵاتێك لە سنووری خۆیدا باج لەسەر ئەو کاڵایانە دادەنێ کە لە سنوورەکەی دەچنە دەرەوەو دەهێنرێنە ژوورەوە، بەڵام کوردستان بارو دۆخێکی تایبەتی هەیەو دەبێ لە بەرچاو بگیرێ ئەویش باری خراپی ئابووری خەڵکە، کە دەبێ دەسەڵاتدارانی کوردستان، ئەوە لەبەر چاوبگرن، بەڵام بە داخەوە، بە پێچەوانەوە بەردەوام ڕێژەی ئەو باجە لەسەر کاڵاکانی دێنە ناوەوەی کوردستان زیاد دەکات، بەبێ ئەوەی بیر لە ئاستی بژێوی خەڵك بکرێتەوە. بە تایبەتی دوای شەڕی ناوخۆی، کوردستان دابەش کرا بۆ دوو هەرێمو هەر هەرێمێکیش بە جیا باجی خۆی لەسەر کاڵاکان داناوە، بە تایبەتی هاووڵاتییان لە ناوچەی سلێمانی، کە سنوورەکانی دوورە لە سنووری تورکیاوە، لە حکومەتی هەولێر باجێك دەسێنرێو کاتێکیش دێتە نێو سلێمانییەوە باجێکی کەی لێ دەسێنرێ، ئەمەش بووەتە هۆی بارگرانییەکی زۆر لەسەر خەڵکانی هەژارو کەم دەرامەت.

ئێستاش کە بڕیاری 986 بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی لە کڕینی زۆرێك لە بژێوی ڕۆژانە دەرباز بکات، بەڵام هەندێ پێداویستی کە، کە هەر خەڵکی لە بازاڕەکانی کوردستان دەیکڕن، بە شێوەیەکی بەرچاوو چاوەڕوان نەکراو نرخیان بەرز بۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی مانگانە زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی کە پێشکەش بە خەڵکی دەکرێ چەندان جار نرخی بەرزبۆتەوە، وەك کارەبا- کە لە چەند لاوە بە هۆی کەمی کارەباوە، پارە لە خەڵکی وەردەگیرێ تەلەفۆن - نەخۆشخانە - باج لەسەر بوارە جیاجیاکانی کاسبی خەڵکی، ئەمە هاوکێشەیەکی لاسنگ دروست دەکات لەگەڵ ئەو موچەیەی مانگانە دەدرێتە فەرمانبەران، کە ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان پشتی پێ دەبەستن،

بۆ ئەو مەبەستەی کە زیاتر بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکیمان بۆ روونبێتەوە، سەردانی هەندێك لە دوکانی ئەو بازرگانانەمان کرد، کە لە سنوورەکانی تورکیاو ئێرانەوە کاڵاو شمەكو پێداویستییەکانی ڕۆژانە دەهێننە نێو بازاڕەکانی سلێمانییەوە.

- - ئایا ئێوە کە تەنها چا دەهێنن چەند باج لە سەری زیادی کردووەو چەند دەچێتە سەر کیلۆیەك.

- کاتی خۆی 200 دینار ئجورو باجمان دەدا بۆ هەزار کیلۆ چا کە لە دەرەوەی کوردستان دەهاتە ناو سنوری سلێمانییەوە، بەڵام ئێستا چاکانیان جیا کردۆتەوە چای ئێرانی لە 200 دینارەوە گەیشتۆتە 600 دینار کە ئەمەش 600 فلس دەچێتە سەر هەر یەك کیلۆ چا، بۆ چای ئەجنەبی (بیانی) کە 200 دینار وەردەگیرا، ئێستا 1.500 دینار وەردەگیرێ، واتە بۆ هەر یەك کیلۆ چا دینارێكو پێنج سەد فلس زیادی کردووە. کە ئەمەش لە دوکانەکانی بە موفرەد دەفرۆشن لە هاووڵاتییان وەردەگیرێتەوە.

- ئایا ڕۆن چەند زیادی کردووە، کە ئێوە وەکیلی هێنانی ڕۆنن لەچاو ساڵی ڕابردوودا؟

- ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە هیچ زەرەرێك ناکەین لە زیاد کردنی باج لە سەر هەر شتێك کە دێتە کوردستانەوە، چونکە ڕاستەوخۆ ئەو زیادەیە ئێمە دەیخەینەوە سەر ئەو بابەتەی دەیفرۆشینەوە لەبەر ئەوە کڕیارەکە بۆ خواردنیماڵەوە دەیکڕێ، زەرەر دەکاتو زیادی نرخەکە کاریگەری دەبێت لە سەر ئەوان.

- ساڵی پار کاتێك ڕۆنمان دەهێنا بۆ (1) تەن تەنها 270 دینارمان دەدا، بەڵام ئەمساڵ تەنی (570) دینار دەدەین.

- شەکر:

لە 2002/1/1 بە پێی بڕیارێك کە پێشتر باجی هێنان لە سەر کاڵاکان دادەنرا، باجی بردنیش (دەرچوون) زیادی کرد پێشتر شەکر تەنی120 دینار وەردەگیرا بەڵام ئێستا 275 دینار وەردەگیرێ.

- برنج:

برنج پێشتر 120 دینار لە یەك تەن وەردەگیرا بەڵام ئێستا 400 دینار وەردەگیرێ.

- دۆشاو:

- کارتۆنی دۆشاوی ئەسبەق نرخەکەی 165 دیناربوو ئێستا کارتۆنی گەیشتۆتە 350 دینار.

ئێستا بۆ یەك کیلۆ دۆشاو 522 فلس زیادی کردووە، کە ئەمەش لە دەرەنجامی زیادکردنی ماددە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی بارگرانییەکی کەیە بۆ گیرفانی هەژاران.

- ئێستا ئەو کاڵایانەی کە لە ئێرانیشەوە دێت (هاتن)و (چوونە دەرە)وەیان لێ وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە نرخیان زۆر زیادی کردووە.

یەك تەن زاهی 380 دینار زیادی کردووە.

یەك تەن سابون 50 دینار زیادی کردووە.

ئارکۆی ریش تاشینو دەرمانی ددان شوشتن، تەنی 500 دیناری زیاد کردووە، هەر دانەیەك لەوانە یەك دیناری زیاد کردووە.

شامپۆ یەك کیلۆی 100 فلسی زیاد کردووە.

واتە تەنی 100 دیناری زیاد کردووە.

- جگە لەوە ئەو بازرگانانە گللەیی ئەوەیان هەبوو کە ئەو شمەکانەی دەیهێنن لە کارتۆنو نایلۆنو سندوقدان ئێستا ئەوانەش بە ماددە سەرەکییەکە دادەنێنو هەمان باجی لەسەر دادەنێن، سندوقێك چا، سندوقەکە کە زیاتر لە (6) کیلۆیە، ئەمەش هەر گومرگ دەکرێو دەچێتە سەر کیلۆی ماددەکەو، دەبێ لە هاووڵاتییانی وەربگرینەوە.

ئێستا هەر کاڵایەك کە دێتە بازاڕەکانی سلێمانییەوە بە هەمان نرخ دەگاتە بەغداو شاری بانەی سەر بە کوردستانی ئێران، واتە ئەگەر ئەو کاڵایە لە سلێمانی بفرۆشرێ یا لە بەغدا یا لە بانە، هەمان باجی لێ دەسێنرێ هەر لەبەر ئەوەش زۆرێك لە بازگەکانیان هەڵگرت.

ئەمەش لە کاتێکدایە، کە مووچەی خەڵکی کەمترین ئاستی بژێوی دابین ناکات، لە شاری سلێمانی ئەوە ماڵە کە کەسێکی لە دەرەوەی کوردستان نەبێت، ئەوا لە خراپترین گوزەراندا دەژی.

لەبەر ئەوە چاوگێڕانەوە بەو باجە زیادەیەدا، لە خزمەتی خەڵکانی هەژارو بێ دەرامەتی کوردستاندایە.

# سەندیکای کرێکارانی هەولێرو سلێمانی کۆدەبنەوە

باوکی گەشبین

لە بەرواری 2002/3/4 نوێنەری لیژنەی باڵای سەندیکای کرێکارانی سلێمانیو هەولێر لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیان دەرکرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

**ڕاطەیاندنی هاوبەش**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەلو مەرجە ناسكو چارەنووس سازەی کە وڵاتو گەلەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت بۆ هەرچی زیاتر سەقامگیربوونی ئاشتیو چەسپاندنی حوکمی یاساو بەرقەرارکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو بۆ لە دەست نەدانی ئەم هەلە مێژووییە کە ئەمانەتو مەسئولییەتێکی گەورەیە لە ئەستۆی هەموو لایەکماندا.

کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی (2002/3/3) لە لایەن سەرۆكو ئەندامانی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستانەوە لە خاڵی (پیرەر) پێشوازی لە شاندێکی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانو پیشەوەرانی سلێمانی کراو لە ئەنجامی وتووێژی تێروتەسەلو گۆڕینەوەی راو بۆچوونەکان لە بارەگای یەکێتی گشتی سەندیکاکان لە هەولێر گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ئەم ڕاگەیاندنە هاوبەشە بڵاو بکەینەوە:

1- خوازیاری حوکمێکی دیموکراتی فیدراڵین لە عێراقدا بە شادبوونو گەیشتنی گەلەکەمان بە هەموو مافە ڕەواکانی لەو چوارچێوەیەدا.

2- هەر دەست تێوەردانێکی دەرەکی لە حاڵی هاتنە ئارای هەر ئاڵوگۆڕێکدا مەحکومو ڕیسوا دەکەین.

3- دژایەتی کردنی تیرۆر لەهەر ئاستو شوێنێکداو دژایەتی دەرکردنو بە عەرەب کردن (تعریب).

4- پشتگیری کردن لە مافی کرێکاران بێ مەرجو لە هەر کوێ بێت.

5- بە هەموو لایەکمان هانی کرێکارانی کوردستان بدەین بۆ یەك ڕیزیو یەکگرتوویی بۆ بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوەو بوژاندنەوەو پێشخستنی ئابووری کوردستان.

6- سەردانو ئاڵوگۆڕی بیروراو هاوکاریو هەماهەنگی (تنسیق)ی بەردەوام بێت.

7- دژی شەڕی ناوخۆینو نەبینە سووتەمەنی ئەو شەڕە بێزراوە، دەنگو هەڵوێستو سەنگی تەواو هەبێت بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستاندا بە پێی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن.

8- سەبارەت بە هەڵبژاردنی گشتیو بەستنی کۆنگرەی گشتی کرێکارانیش هەر کات هەلو مەرج ڕەخسا کە پەیوەندارە بە بارودۆخی سیاسی سەرخستنی یەکجارەکی ئاشتی سەرتاسەری لە کوردستاندا ئەوکات بڕیاری پێویستی لەسەر دەدەین.

**یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانو پیشەوەرانی کوردستان**
**یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان**

# چارەسەرێك!

بورهان حەساری



ڕێگاوبان، لە هەر وڵاتو شوێنکدا ئامرازێکی گرنگی ژیارییەو، ئاستی پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی ئەو وڵاتە بەرجەستە دەکات. دوای تێپەڕبوونی 10 ساڵ لە حوکمڕانی خۆماڵیو بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری کوردستان لە لایەن ڕۆڵەکانی گەلی کوردەوە، پێویستە هەموو لایەکمان بیر لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بکەینەوەو هەموو تواناکان یەکخەین بۆ زیاتر ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەمان.

ڕێگای سەرەکی نێوان (عەربەت- سەید سادق- سەید سادق- هەورامان) ڕێگایەکی پڕ لە چاڵو کۆسپو تەگەرەیەو، گەر چارەسەرێك نەکرێت ئەگەری چەندین کارەساتی بە دواوەیە. ئەو چاڵو کۆسپانەی لەناو ئەو ڕێگایەدایە، سەر لە ڕانندەکان ئەشێوێنێو نازانن چۆن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن کاتێ ئۆتۆمبێلێك بەرەو ڕوویان دێت. یان ئۆتومبێلێك بیەوێت لە یەکێکی تر تێپەڕێت، ئەبێتە جێگای مەترسی بۆ هەردولایان چەندان ئۆتۆمبێل بە ناچاری شکادۆیتێیەوە سەر ئەوەی لە شانی ئەڕوات. بۆ خۆ ڕزگار کردن لەو چاڵانەی دێتە پێشی. داوا لە بەرپرسانو بواری هاتووچۆو بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی دەکەین، کە چارەسەرێك بۆ ئەو گرفتە بدۆزنەوەو ژیانو سەروماڵی هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرە، لە ئەگەری ڕووداوی ئەو ڕێگا سەرەکییە بپارێزن.

کە ڕێگایەکی سەرەکییەو هەمیشە هاتووچۆی بەسەرەوەیە، لە خاڵی باشماخو لە خاڵی تەوێڵەو بیارەوە بۆ هاتووچۆو کاروباری بازرگانی بە وڵاتی ئێرانەوە گرێمان دەدات.

# کرێکارانی ناوچەی پیشەسازی سلێمانیو چەند داواکارییەك

وەرزێر ئازاد چوارتایی

بەڕێزان وەك هەموو لایەك دەزانن ناوچەی پیشەسازی نەك تەنها لە شاری سلێمانی بگرە لە سەرجەم ناوچە جیا جیاکانو شارەکانی تریش، گرنگییەکی زۆری هەیەو زۆربەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە پەکیان دەکەوێت، گەر نەڵێین هەموویان ڕێیان دەکەوێتە ئەم ناوچەیە بۆ چاکردنەوەی ئۆتۆمبیلەکان.

لە بەرامبەر گرنگی ئەم ناوچەیەدا، دەتوانین بڵێین تا ئێستا ئەم ناوچەیە لە کۆمەڵێك خزمەتگوزاری گرنگ بێ بەش کراوە، وەك:

1- کەمی کارەبا لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا کارەبای کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراوی سلێمانی هەیەو بەڵام ناوچەی پیشەسازی کە هێندە دوور نییە لەو کارگەیەو پێویستییەکی زۆریشی بە وزەی کارەبای بەردەوام هەیە، بەڵام بۆی دابین نەکراوە.

2- نەبوونی بنکەیەکی تەندروستی:

ناوچەیەکی وەك ناوچەی پیشەسازی کە ڕۆژانە کرێکارانی ئەم شوێنە لە ڕێگەی کارەکانیانەوە، مامەڵە لەگەڵ ئاگرو ئاسندا دەکەنو تووشی ڕووداوی جۆراوجۆر دەبنەوە، وەك بریندار بوونو سوتانو قاچ شکانو دەست شکان، بەڵام تا ئێستا بنگەیەکی تەندروستی لەم ناوچەیەدا نییە.

3- نەبوونی بنکەیەکی ئاگر کوژاندنەوە:

ناوچەی پیشەسازی کە هەردەم ڕۆنو بەنزینو سوتەمەنی جیا جیای تێدایە، لە دووکانی فیتەرو گەراجەکانداو پێویستییەکی زۆری بە بنکەی ئاگر کوژاندنەوە هەیەو تا ئێستا بنکەیەکی ئا لەم شێوە دابین نەکراوە.

4- کەمی بنکەی پەیوەندی تەلەفۆنی:

ناوچەی پیشەسازی جگە لە پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبیل هیچ شوێنێکی تر هێڵی تەلەفۆنی تێدانییە.

5- کەمی تەوالێت لە ناوچەکەدا:

لەم ناوچە گەورەو بەرفراوانەدا، تەنها (7) تەوالێتی تێدایە کە ئەویش لە مزگەوتەکەدایە، ئەم مزگەوتەش لە لایەن چەند کەسێکی خێرخوازو خاوەنی پێشانگای گەرمیان دروست کراوە ئەگینا لەم بوارەشدا لە ئێستا خراپتر دەبووین.

لە کۆتایدا دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێم کە شارەوانی سلێمانی، کارێکی بۆ ئەم ناوچەیە ئەنجامداوە، ئەویش کۆنکرێتو قیرتاو ڕێژکردنی ناوچەی پیشەسازی بووە، ئەمەش جێگەی دەست خۆشییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو داواکارییانەی سەرەوەدا، هێشتا ئەم ناوچەیە زۆر بێبەشە لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە.

خوازیارین، کە ئەم داواکاریە زۆر پێویستیانە جێگەی بایەخی بەرپرسان بێ لەگەڵ ڕێزماندا.

**کرێکار لە ناوچەی پیشەسازی سلێمانی**

# هاوارێك بۆ بەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزوور

سەرمەت/ هەڵەبجەی تازە

سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزوور لە مانگی 2001/7دا هەستا بە تێکدانو لابردنی ئەو گەورو زیادەڕۆییانەی کە کراونەتە سەر زەوی شارەوانی کە ڕووی شارستانیو تەندروستیو ژینگەی شارەکەیان تێکداوە، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەم کارە بە تەواوی جێبەجێ نەکراو وازی لێ هێنرا، پاش چەند مانگێکی تر بەرەو وەرزی هاوین ئەڕۆین بە شێوەیەکی زۆر بەر بڵاوو دوور لە شارستانی ژمارەیەکی زۆر گەوری ئاژەڵ کراونەتەوەو بۆنو بەرامێکی ناخۆشی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەوەی زیاتر جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە خاوەن ئاژەڵەکان بێ گوێ دانە هیچ بنەمایەکی شارستانی پاشەڕۆکی ئاژەڵەکانیان لە نزیك قوتابخانەو فەرمانگەکانو نزیك ماڵی هاووڵاتییان فڕێ دەدەن.

ئەگەر کار بەم شێوەیە بڕوات دەبێ (قیناع) بکەینە دەمو چاومان چ جای ئەوەی کە ئەبێتە ژینگەیەکی لەبار بۆ چەندین نەخۆشی بۆیە داواکارین لە سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزوور کە بە جددی هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دیاردە دزێوە بدات چونکە ئەگەر کار بەو شێوەیە بڕوات مەگەر ئێمەی مرۆڤ شارەکە چۆڵ بکەین بۆ ئاژەڵەکان، چاوەڕێی هیممەتتانین.

# گەڕانەوەی موەلیدەکان بۆ فەرمانگە کارەبا باشترین چارەسەرە

کازم عەلی-چەمچەماڵ

بەرواری 2002/1/5 دانیشتوانی گەڕەکی پیریادی ناحیەی شۆڕش بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دژی موەلیدەکەیان، ڕوویانکردە بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو داخوازیەکانیان لە چەند خاڵێکدا پێشکەش کرد گرنگترینیان ئەمانەن:

1- موەلیدەکە 170 کاتژمێری هاووڵاتیان قەرزارە بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانە کارەبای تەواوی نەداوە.

2- نزیکەی 200 ئەمپێری زیادی بەستووەو بەو هۆیەوە توانای کارەب اپێدانی هەموو ماڵەکانی نیە.

بەڵام لە بەختی ڕەشی هاووڵاتییان ئەو ڕۆژە بەڕێوەبەری ناحیە نەهاتبوو، هەر بۆیە بەرپرسانی ئاسایشو پۆلیس بە پێشوازییانەوە هاتنو لە وەڵامدا وتیان: تاوانی حکومەتی هەرێمە کە موەلیدەکان دەداتە بەرپرسە حزبیو عەسکەریەکانو بە هۆی ئەمەشەوە دامو دەزگاکانی حکومەت ناتوانن لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن، هەروەها ڕایانگەیاند کە ئەوانیش زۆر خاڵی تریان هەیە لەسەریان لە زۆر دەمێکەوە ئاگاداری بەستنی ئەمپێری زیادن لە موەلیدەکان. بەڵام چاوەڕوانی ناڕەزایی هاووڵاتییانیان بووەو بەڵێنیان داوە کە دەنگیان بگەیەننە جێگای خۆی چارەسەری کێشەی موەلیدەکانیان بۆ بکەن، شایانی باسە کە خاوەن موەلیدەکە پێشتر بۆ شاردنەوەی ئەمپێرە زیادەکان هەستابوو بە سڕینەوە ژمارەی سەر (جۆزە)کان ئەوانەی لە یەك زیاترنو هەریەکی لەسەر دانابوون، پاش 1/5 یش بۆ وەڵامدانەوە هەستا بە ناونووسکردنی ئەوانەی بەشدارییان کردبوو لە ناڕەزایی دەربڕینەکەدا پاش ئاگادارکردنەوەیان ئەمپێرەکانیانی کەمکردووەو بۆ گەڕاندنەوەی کاتژمێرەکانیش ڕۆژانە یەك کاتژمێری زیاتر لە ماوەی یاسایی خۆی دەدایە ماڵەکان، بەڵام ئەمانە هیچیان چارەسەر نین بەڵکو گەڕاندنەوەی موەلیدەکان بۆ سەر فەرمانگەی کارەبا باشترین چارەسەرە.

# شارۆچکەی سەید سادق پێویستی بە کتێبخانەیەکی گشتی هەیە

ئا/ نەوزاد ئەسعەد گامێش تەپەیی

گەر چاوێك بە مێژووی شارۆچکەی (سەید سادق) دابخشێنین بۆمان دەردەکەوێت، مێژوویەکی پڕ شانازی هەیەو چەندین نووسەرو ڕووناکبیرو شاعیرو تێکۆشەری تێدا ژیاوە یان لەو شارۆچکەیە پەروەردە بوونە. هەر ئەمەش وایکردووە کە خەڵکێکی ڕۆشن فیکری تێدا بژیو بتوانن درێژە بەم ڕەوتە شارستانییە بدەن. ئێستاش ئەم شارۆچکەیە لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی (1991)ی گەلەکەمان وەك سەرجەم شارو گوندەکانی تری کوردستان ئاوەدان کراوەتەوەو چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ جێبەجێ کراوە لەسەر بڕیاری (986)ی نەوت بەرامبەر بە خۆراك کە جێگەی دەست خۆشیو پێزانینە. بەڵام لایەنێکی تری پێویستی ئەم شارۆچکەیە کە دەمەوێ لەسەری بوەستمو بەرچاوی لێپرسراوانو دەزگا پەیوەندیدارەکانی بخەم بە تایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری نەبوونی (کتێبخانەی گشتی)یە لەم شارۆچکەیە کە بووەتە سیمایەکی ناشارستانیو هەروەها ڕۆژانە چەندین لاوی بێکار دەبینین کە بە سەر شەقامەکاندا دەخولێنەوە ئەمەش کارێکی سلبی کردووەتە سەر ڕادەی ڕۆشنبیری لاوان بۆیە دەخوازمو داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستانو وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاوڕێك لەم شارۆچکەیە بدەنەوەو (کتێبخانەیەکی گشتی) بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی خوێندەوارانی ئێمەش کەڵکی لێ وەربگرنو بۆ بەسەربردنی کاتی بێکاری لەم کتێبخانەیەدا خۆیان بە خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردن خەریك بکەن بۆ ئەوەی نەوەیەکی هۆشیار پەروەردە بکەین بۆ خزمەتکردنی گەلو نیشتمان.